**زۆر جار باس لەوە دەکرێت لەپەرلەمانی کوردستـاندا ڕێژەی ئافرەت ٣٠٪یە، ئەمەش بەژمارەیەکی ئیجابی و باش دادەنرێت و بە بەراورد لەگەڵ زۆر لەوڵاتە دیموکراتییەکانیش مایەی دڵخۆشـییە، بەڵام ئەگەر ژمارەی (مێینە) لەکوردستـان لەبەرچاو بگرین کە یەکسـانە لەگەڵ (نێرینە) ئەگەر زیاتر نەبێت، ئەوا ئەم ڕێژەیەی ئافرەت لەپەرلەمان کەمە، هەروەها جگە لەپەرلەمان لەپۆستـە سیاسـییەکانی دیکە چ لەناو سـەرکردایەتی حزبەکان چ لەحکومەت و ئەو شـوێنانەی کە بڕیاریان بەدەسـتە ڕێژەکە زۆر کەمە، بەتایبەتـی لەکابینەی شـەش و حەوتدا تەنیا یەک وەزیری ئافـرەت هەبوو بە بەراورد لەگەڵ کابینەکانـی تر ئەمە لەکاتێکدایە کە لەپۆسـتەکانی دیکەی وەک بەڕێوەبەری گشـتی و شارەزاش ڕێژەکە وەک پێویسـت نییە، ئەمەش بۆتە پرسیار لای ئافرەتانی کوردستان..؟**



# ئافرەتان لە پەرلەمان لەنێوان

شـەونم محەمەد غەریب ئەندام پەرلەمان سەر بەلیسـتی کوردستانی پێیوایە لەدوای ڕاپەرین ئافرەتـی زۆر ئـازا و چـالاك هاتوونەتە نێو کاری سیاسـی و کاریان کردووە چ لەگۆڕینی یاسای باری کەسی و هەوڵدان بۆ دابینکردنی داواکارییەکانی ئافرەتـان، هەروەها لەنێو حزبە سیاسـیەکانیش ئافرەتان ڕۆڵی خۆیان بەباشی بینیـوە و بایەخی پێ دەدەن. لەلایەکی دیکەوە کوێستان محەمەد ئەندام پەرلەمان سەر بەلیستی گـۆڕان دەڵێت: دیـارە بەپێی کۆتـا ئافرەتان لەسـەرجەم عێراق لەگشـت ئەنجومەکاندا و بەپێی یاسای برێمەر و وەك ئەوەی لەدەستووردا هاتووە دەبێت ٢٥٪ بۆ ئافرەت بێت، لەپەرلەمانی پێشـووش ئەو ڕێژەیە بووەتە ٣٠٪ واتا ئافرەتان بەپێی یاسای کۆتا دەبێت بەشدارییەکی دیاریان هەبێـت». کوێسـتان دەڵێ «ئەگەر سـەیر بکەین ئـەو ڕێژەیە لەئەنجومەنی وەزیران تەواو پێچەوانەیـە و تەنیا یەك ئافرەت هەیە لەکۆی سی ئەندام، ئەم ئافرەتەش وەزارەتێکی سیادی نەدراوەتێ، بەڵکۆ وەزارەتێکە هەر تایبەت کراوە بەئافرەت، ئێمە ئەگەر لەسـەر دامودەزگاکان قسـە بکەین دەبینین ئافرەتان لەگشت پۆستە سـیادییەکان پەراوێزخـراون لەبـەر کۆمەڵە هۆکارێـك. هەروەهـا لەسـەرجەم لیژنەکانی پەرلەماندا تەنیا یەك لیژنە سـەرۆکی ئافرەتە ئەویش لیژنەی ئافرەتانە کەنابێت سەرۆکەکەی پیاو بێت، سـەرۆکی پەرلەمان و جێگرەکەی و سکرتێری پەرلەمان پیاون ئەگەر وردتر سەیری نەخشەی سیاسی کوردسـتان بکەین ئافرەتان هیـچ ڕۆڵێکیان نییـە، بەتایبەتـی لەبڕیارە چارەنووسسازەکاندا، چونکە ئێمە کۆمەڵگەیەکی پیاوسـالارین زۆربەی ئەندامانـی کۆمەڵگە بەئافرەتانیشەوە باوەڕیان وایە کە سیاسەت کردن بۆئافرەت نابێت و تەنیـا بۆ پیاوە، هەروەها تا ئیستا لەپۆستە حزبیەکانیش ئەم حزبانە باوەڕیان نەك هـەر بەئافـرەت نییە، بەڵکـو باوەڕیان بەگەنجیش نییە، کۆمەڵـە پیاوێکی بەتەمەن دەستیان بەسەر سـەرجەم پۆستە سیادییەکاندا گرتووە بەهیچ شێوەیەك دەسـتبەرداری نابن، هەروەها سەبارەت بەکەمی ئافرەت لەپەرلەمان گوڵیزار قادر ئەندام پەرلەمان سـەر بەلیستی بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان وتی «کەمی ئافـرەت لەپۆسـتەکاندا ناخەمە ئەسـتۆی حکومەت، چونکە کەموکوڕی حزبەکانە کە بۆ پۆستێك سـێ پیاو کاندید دەکەن، بەڵام تەنیا یەك ئافـرەت کاندید دەکەن، ئـەم حزبانە پارە لەحکومەت وەردەگرن پێویسـتە چەند ئافرەتێك بۆ پۆسـتێك بپاڵێـون، خەتـا لەحزبەکانە کە سەرکردایەتیان ئەندامی پیاویان سێ ئەوەندەی ئافرەتانن و لەمەکتەبی سیاسـیش ئافرەت هەر نییە، گوڵیزار ئەوەشی خستەڕوو «کە حزبەکان زیاتر گرنگیان بەپیاو داوە نەك ئافرەت».

شەونم محەمەد گلەیی لەوە دەکات لەپەرلەمانی کوردستان ئافرەتان لەنێو بڕیاردا نین و وتی «تا ئێستا لەمەڕ چارەسەرکردنی کێشەکان نێوان ئێمە و بەغدا ئافرەت لەو وەفدانەدا نین کە دەنێردرێنە بەغدا، لەکاتێکدا پێویستە لەچارەسەرکردنی ئەو کێشانە سوود لەبڕیارەکانی ئافرەتان وەربگیرێت، لەمەشـدا گلەییمان لەسـەرۆکی پەرلەمانیش کردووە، چونکە ئافرەتان زیاتر لەسـەر خۆن و بەشێکی گرنگی کۆمەڵگەن، ناکرێت تۆ سوود لەبەشێکی کۆمەڵگە وەربگریت، بەشێکی تریان پەراوێز بخەیت کە ئەو سـەردەمە باوی نەماوە، ئەمەش بەهۆی کرانەوە بەڕووی جیهان. بەبڕوای ئەو ئەنـدام پەرلەمانە کە ئافرەتان لەبیرکردنەوە هیـچ جیاوازیان نییە لەگـەڵ پیاوان و دەڵێت «ئەگەر هەشـبێت دەکەوێتە سـەر تواناکانی خودی و ئاستی زانیاری ئەو کەسە».

**ڕێژەیەکی زۆر پیاو لەپەرلەمان بەشدارە تائێستا کارێکی باشیان ئەنجام نەداوە**

بەلای (سۆزان عارف) کەبەڕێوەبەری ڕێکخراوی تواناسـازی ئافرەتانە لەکوردستان، ڕزگاربوون

لەسەرجەم لیژنەکانی پەرلەماندا تەنیا یەک لیژنە سەرۆکەکەی ئافرەتە ئەویش لیژنەی ئافرەتانە کەنابێت سەرۆکەکەی پیاوبێت

کەمی ئافرەت لە پۆستەکاندا ناخەمە ئەستۆی حکومەت، چونکە کەموکوڕی حیزبەکانە کە بۆ پۆستێک سێ پیاو کاندید دەکەن، بەڵام تەنیا یەک ئافرەت کاندید دەکەن

- ئێمە هەتا ئێستا لە یاسای کۆتا سەرکەوتوونەبوین، بۆیە پێویستە ئەو ئافرەتانەی کەبە کۆتا دەچنە پەرلەمان کەسانی لێوەشاوەبن نەک رێژەکەیان زۆر بێت



# پشتگوێخستن و کەمتەرخـــەمی

لەنەریتــە تەقلیدییەکان ڕێگای چارەســەریەو لــەم بارەیەوە دەڵــی: تا ئێمە لــەو دابونەریتە کۆمەڵایەتییە تەقلیدیانــە دەرنەچین، ناتوانین هیچ هەنگاوێك بنێین و دەشڵێت «چونکە ئێمە هەتا ئێستا لەیاسای کۆتا سەرکەوتوونەبووین، بۆیە پێویســتە ئــەو ئافرەتانەی کــە بەکۆتا دەچنــە پەرلەمان کەســانی لێوەشــاوەبن نەك ڕێژەکەیان زۆر بێــت و ئایا دەتوانن چی بکەن و ئەوانەی پۆســتی باڵایان هەیە چیانکردووە، لێرە پرســیارێکی گرنگ دێتــە ئاراوە لەلایەن خەڵــك کە بریتییە لەوەی ئــەو هەموو ئافرەتە پەرلەمانتــارە هەیە چیان کردووە؟ منیش دەڵێم ئەی ئەو هەمــوو پەرلەمانتار پیاوانەش چیان کردووە، بەڵام پێویســتە ئافرەتەکان زیاتر خۆیان ماندوو بکەن و هەوڵبدەن ئەنجامیان هەبێت هەتا قەناعەتێك بۆ کۆمەڵگە دروست بکەن کە ئەوان توانای ئیشــکردنیان هەیە». ســۆزان وتیشی «ئەو (کۆتا)یە هەتا هەتایە بەکارنایەت، بەڵکو دەبێت ئــەو ئافرەتانەی پێویســتە لەم قۆناغە ئەزموونیەدا سەرکەوتوو بن، ئامادەبکرێت بۆئەو پۆســتانە، واتا دەبێت هەر ئافرەتێك پۆستێکی پێدەدرێت ئامادەکرابێت، بەڵام لای ئێمە نەبوونی پلان هۆکاری سەرەکی کێشەکانە و هەتا ئێستا ڕێگربووە لەچارەســەرەکان واتا چارەســەرکان شکلین بنەڕەتی نین».

کوێســتان محەمەد هەروەها ئاماژە بەوە دەکات لــە لیژنەکاندا شــتەکان بەگفتوگۆ دەکرێن، لیژنەی یاســایی تاوتوێی یاساکان دەکات کە لەناو لیژنەی یاساییشــدا تاقە ئافرەتێك هەیە کەئەویش دکتۆرە ڕۆژانە کە دەتوانێت کاری زۆر باش بکات، کەواتە ئەگەر لەوێ مەســەلەیەك هەبێت تایبەت بێــت بەئافرەت پیاوەکان ئەگەر ڕێکەون ئــەوکات دکتۆرە ڕۆژان یەك کەســە لەبەر ئەوە دەتوانین بڵێیــن ڕەئیمان زۆرکەمە، چونکە ڕێژەی پیاوان لەناو پەرلەماندا ٧٠٪یە، ڕاستە پرس بەئێمە دەکرێت لەبەر ئەوە پیاوەکان زۆرینەن، بەڵام لەناو لیژنەکانیشــدا شــتەکان بەموناقەشە دەکرێت».

هەروەها ئەندام پەرلەمان و چالاکوانانی بواری ئافرەتان گلەیی ئەوە دەکەن تائێستا هیچ یاساییەك پەسند نەکراوە کە بەتەنیا دەنگی ئافرەت بریار بدات وەك گوڵیزار قادر باســی دەکات و دەڵێت «تائێستا نەبۆتە یاسا کە تەنیا دەنگی ئافرەت بخــوات، چونکە لەهەموو ئەو وڵاتانەی کەزۆر پێشکەوتوون هەر باسی زۆرینە دەخوات و شتێك نییە تەنیا دەنگی ئافرەت بخوات لەبەر ئەوە زۆر زەحمەتە ئەوە لای ئێمــەش بکرێت». لەبارەی دەرچوونی ئەو یاساییانەی کە تایبەتن بەئافرەت شــەونم وتی «ئەم یاسایانە ماندوبوونی زۆری بۆکراوە، بۆیە پێویســتە پەرلەمانی کوردستان کاراتربێت بــۆ جێبەجێکــردن و بەدواداچوونی سەرجەم یاســاکان، چونکە زۆریان وەك پێویست کاریان لەســەر نەکراوە، لەوانە مەســەلەی فرە ژنی کە زۆر جێگەی پرســیارە، بەپێی یاســا فرەژنی لەکوردســتاندا قەدەغەیــە، بەڵام زۆر لەپیاوان دەچن بــۆ دادگاکانی دەرەوەی هەرێم مــارەی دەکەن و دەیهێننەوە، ئــەو کات دەبێتە ئەمری واقیع، ئێمە لەگەڵ دادوەرەکان لەســەر وردەکارییــەکان ڕێکەوتووین تەنیا میکانیزمێك ماوە بــۆ جێبەجێکردنی بنەماکان، پێویســتە دەرگا بەوکێشــەیە بگرین، چونکە یاسا ڕێگرە بەر لەوەی ســزا بێت واتــا دەبێت بەر لەهەموو شتێك یاساکان ڕێگر بن لەکارەکان». لەکۆتاییدا گوڵیزار پێیوایە کە دەبێت پرۆژەیەك پێشــکەش بکرێت لەبەر ئــەوەی لەوڵاتان حزبەکان بوودجە لەحکومەت وەرناگرن، بەڵام لەکوردســتان حزب بودجــە لەحکومەت وەردەگرن، بۆیە پێویســتە یاســایەك دەربکرێت بۆئەوەی کــە هەر حزبێك ئافــرەت کاندید نــەکات بۆ ســەرکردایەتی و پەرلەمان و ئەو شــوێنانەی قەزای لێدەردەچێت ڕێژەی پیاو و ئافرەت یەکسان نەبێت، بوودجەی بۆ خەرج نەکرێت».



# لەسەر تەماشاکردنێک؛
# یەکێک دەکوژرێت و پێنج کەسیش زامداردەبن

دوای ئەوەی لەکۆلێژ دەگەڕێتەوەو لەگەڵ هاوڕێیەکی دەچێتەدەرەوە لەگەڵ کەسێك دەبێتە شەڕیان دەکوژرێت.

لەگەڕەکی ٩٩ شاری هەولێر گەنجێك بەناوی (ئ.خ.م) لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٠ پیشە قوتابی کۆلێژ، دانیشتووی شاری هەولێرە، لەرێکەوتی ٢٠١٢/٤/٢٨ بەبیانووی ئەوەی کە کوڕێك سەیریان دەکات دەبێتە شەڕیان و لەئەنجامدا ٥ کەس زامدار دەبن و خۆیشی زامدار دەبێت دواتر لەنەخۆشخانە گیان لەدەست دەدات.

شایەتحاڵەکانی ڕووداوەکە بەجۆرێك باس دەکەن، کە کێشە لەسەردەمەقاڵێیەکی بچووکەوە بووە بەکێشەیەکی گەورەو لەئەنجامدا کوشتنی لێکەوتەوە.

### هۆکاری دروست بوونی کێشەکە

کاتژمێر (٣) دوای نیوەڕۆ و لەپێش دەرگای ماڵی خۆی ڕاوەدەستێت لەناکاو ئوتۆمبێلێکی جۆری ئەڤیۆ ڕەنگی سپی لەبەردەمی تێدەپەڕێت و نزیکەی ١٠٠ مەتر لێی دوور دەکەوێتەوەو ڕادەوەستێت ئەمە قسەی (ر.ح) کە لەبەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی تاوان لێدوانی داوە و باس لەهۆکاری ڕووداوەکە دەکات و لەدرێژەی قسەکانیدا دەڵێت «دوای ئەوەی ئۆتۆمبێلەکەم لێدوورکەوتەوە کوڕێك بەناوی (ئ) کە ناوی باوکی نازانم و دوکانی هەیە شوفێری ئۆتۆمبێلەکە بوو ماڵیان لەگەڕەکی ئێمەیە لەئوتۆمبێلەکە دابەزین بەیەکەوە قسەیان کرد دواتر ئوتۆمبێلەکە بەبەگ گەڕایەوە لەلای من ڕاوەستاو بەمنیان وت: بۆسەیرمان دەکەی. منیش وتم ئەمە ڕێگایە من ناتناسم ئەگەر سەیرشیم کردبێت چی تێدایە ئەوانیش قسەی ناشیرینیان کرد.(ر.ح) ئەوەش دەخاتەڕوو کە (ئ.خ) هەڕەشەی لێکردووە و پێی وتوە دەتدەمە بەر شەق دواتر(ئ) لەئۆتۆمبێل هاتە خوارەوە زللەیەکی لێدام و پەلاماری دام کەوتە لێدانم هەتا لەهۆش خۆم چووم ئینجا وازیان لێهێنام. (ر) هەروەها وتی «کاتێك هاتمەوە سەرخۆم تەلەفونم بۆ (غ)برام کرد بۆم باسکرد کە ئەوانە چیان لێکردووم پێموت بگەڕێوە بابچین سکاڵا تۆمار بکەین، تەلەفۆنەکەم داخست لەحەوشە ڕاوەستابووم، بینیم ئۆتۆمبێلێکی جۆری (تۆکسۆن) ڕاوەستاو چوار کەس هاتنە خوارەوە تەنیا یەکێکانم ناسی ناوی(ع) بوو زۆر سووکایەتیان پێکردم و قسەی ناشیرنیان پێوتم منیش دەرگام داخست ئەوان ڕۆیشتن. (خ.م) کە دایکی کوژراوە لەبەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی بەڵگەو تاوان وتەی لێوەرگیراوە دەڵێ «کاتژمێر یەك بوو کورەکەم لەکۆلێژ گەڕایەوە و وتی لەگەڵ کوڕی (ج) شەڕمکردووە، ئەوەبوو بەتەنیا لەگەڵ مام (س)ی دراوسێمان چووم بۆ ئەوەی داوای لێبوردن لەخێزانەکەیان بکەم، کاتێك چووین (ر) هەموو دەم و چاوی زامدار ببوو، بەڵام ئەو بەردەوام هەڕەشەی دەکردو قسەی ناشیرنی دەکرد. بەپێی وتەی(ئ.خ.م) کە دەکاتە برای کوژراو شاهیدی داوە دەڵێت:(ئ) برام هاتە دووکان بۆ لای من وتی لەگەڵ کوڕی (ج) شەڕم کردووەو



هەڕەشەی لێکردووم وتویەتی بۆ لێرە ڕاوەستاوی منیش چووم بەباوکمم وت کەوا کوڕی (ج)کەناوی (ر)هەڕەشەی لەبراکەم کردووە، ئەوەبوو باوکم خۆی لەئێمە تورە کرد کە بۆچی بەشەڕ دێین. دواتر بەپێش ئێمە کەوت بەتەنیا چوو بۆماڵی (ج) بۆئەوەی لەگەڵ دایکی قسە بکات و داوای لێبووردن بکات، ئێمە لەپاش باوکم گەیشتینە ئەوێ وادیاربوو (ر) هەڕەشەی دەکرد ویستی لەبراکەم بدات و دواتر (غ) هات و تەقەی کرد و براکەم زامداربوو لەنەخۆشخانە گیانی لەدەستدا.

### پەنجەیەکی قاچم لێبوویەوە

بینیم براکەی بەئۆتۆمبێل هات، (غ) لەگەڵ دایك و خوشکی دابوو، ئیتر (غ) دەستی کرد بەقسەی ناشیرین و کردیان بەشەڕ لەگەڵمان بەخۆیی و دایك و خوشکی.» ئەمە قسەی (خ) کە دەکاتە باوکی کوژراو دەڵێت «دواتر کە (ع) براکەم لەگەڵ (ا) ی کورم هاتن ئیتر شەڕەکە گەورەتر بوو(غ.ج) چوو کلاشینکۆفی هێنا تەقەی کرد لەئەنجامدا (ا) زامدار بوو لەنەخۆشخانە گیانی لەدەستدا و (ع)ی براشم زامدار بوو خۆشم چەند ساچمەیەکم بەرکەوت».

دادخواز (ع.ح) لەدایکبووی ١٩٧٤ کە لەم ڕووداوە زامدار بووە لەوتەکەی بۆ بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی تاوان دەڵێت «کاتژمێر ٣:٣٠ دوانیوەڕۆ خەریکی کاری خۆم بووم لەگەڕەکی مامۆستایان کاری کارەباچێتیم دەکرد، (ئ) برازام تەلەفۆنی بۆکردم وتی مامە لەگەڵ چەند کەسێك بەشەڕ هاتووم منیش چووم بۆ شوێنی ڕووداوەکە لەگەڕەکی ٩٩ تەنیشت دوکانی خۆم بینیم ئەو کەسەی کە لەگەڵ (ئ) بەشەڕ هاتبوو ئەویش زامداربووە بەدەستی لەیەکیان داوە، دواتر من و براکەم و(ئ) چووین بۆ ئەوەی بزانین شەڕەکە لەسەر چییە، ئەوەبوو بووە بەدەمەقاڵێ لەنێوانماندا ئەوان چوار کەس بوون و چەکیان پێبوو پەلاماریاندایـن، منیش لەناو ئۆتۆمبێلەکەم چەکی کلاشینکۆفم دەرهێنا ویستم تەقەی هەوایی بکەم بۆئەوەی لێکیان بکەمەوە و شەڕەکە گەورەنەبێت، بەڵام ئەوان لوولەی چەکیان لەئێمە کرد دوو گوللەیان لە(ئ)دا گوللەیەکیان لەسەریدا براکەشم زامداربوو منیش فیشەکێکم لەوان دا. هەروەها هەر سەبارەت بەم ڕووداوە (غ. ج) کە دەکاتە برای (ر) وتی «دوای ئەوەی (ر) برام پێوەندی پێوەکردم گەڕامەوە ماڵ بینیم لەپێش دەرگا ڕاوەستابوو هەر ئەوەندەبوو زانیم بوو بەتەقە لەدواوە ئەوەبوو ئەوان زۆربوون زۆر خراپ لەمنیاندا لە(ر)ی خوشکەکەمیاندا لەئەنجامدا پەنجەی قاچم لێبۆوەو سەرم بریندار بوو. (ر) ئەوە دەخاتەڕوو کە بۆجاری سێیەم هێرشیان کردەوە سەرم و ئەو کات خوشك و براکەشم گەڕابوونەوە لەوانیشیان دا و دەستیان کرد بەتەقەکردن براکەم گوللەیەك بەر سەری کەوت.(ر) ئاماژە بەوەش دەدا کە ئەوان بەهیچ شێوەیەك چەکیان لانەبوو و ئەوەشی ئاشکرا کرد ئەو کەسەی کوژراوە من نایناسم هەر گوللەی خۆیان بەری کەوت و گیانی لەدەستدا.



# خۆشەویستی و هاوسەرگیری لەدیدی پیاوی کورد

ئا/ ئاشتی عەبدوڵڵا

ئاشکرایە کە لای ئێمەی کورد ئاکارو نەریت و بیرکردنەوەی ئایینی و کۆمەڵایەتیمان ڕێگرن لەبەردەم ئازادیی پێوەندی خۆشەویستیدا. لەمێژە کۆمەڵگەی کوردی مەشـــخەڵی دژ بەعەشق و خۆشەویســـتی بەرز کردووەتەوە، هەر لەئەزەلەوە هەرزەکارێکی نێو خێزانی کورد وشـــەی ئەوین و خۆشەویســـتی لێ حەرامکـــراوە، چەمکی حەزلێکردن و پێوەندی ســـەدان ماڵی کردووەتە دۆزەخ و هەزاران ئاشق سەری لەبەردی ئەلحەد دراوە. لەمێژە پێوەنـــدی نێوان کوڕ و کچ وەکو پێوەندی نێوان فریشتەو شەیتان تەماشاکراوەو وەکو کفرێکی چاو زەق حسێبی بۆکراوە. خۆشەویستی کە خۆی لەخۆیدا ڕەمەك و غەریزەیەکی گرنگی مرۆڤە، بۆتە یاســـاغ و قەدەغە، بەردێك بەڵکو تاشـــەبەردێکی خراوەتەســـەرو لەنێو قاسەی پڕ نهێنی دەروون و خەیاڵدا هەڵگیراوە، ئیدی هێواش هێواش دەســـتاری چەپاندن و کەپتکردن خولیاو خەون و ئارەزووەکان تێك ئەشـــکێنێ و تێڕوانین و بیرکردنـــەوەو دواجار پێوەندی پراکتیکی نێوان هەردوو ڕەگەزی نێرو مێ چەواشەو هەڵەئامێز دەخەملێنێ.

سەرەنجام بوونەوەرێکی کوردی لێ خەڵق دەبێت کـــە پێیدەڵێن گەنـــج کە نیواو نیـــوی و بگرە زیاتریشی پڕە لەنهێنی و لە تاریکی و کۆڵانی بنبەســـت، لەپەرچەکـــردارو ڕەنگدانەوەی ئەو فشـــارە دەروونییەدا، ڕق جێگەی خۆشەویستی ئەگرێتەوەو تـــرس و دڵەڕاوکێ لەجێی متمانەو باوەڕبەخۆکـــردن و بەختـــەوەری دادەنرێت. ئەم جێگۆڕکێ نالۆژیکی و ناماقوڵەی کەلتوورێکی نەریتخوازی کۆن ســـەپاندوویەتی و لەمێشکی هەریەکەماندا ڕەگی داکوتیوەو یەکێکە لەهۆکارە گرنگەکانی لەدەســـتدانی ئازادیی و ویســـت و ئیرادەمـــان. کەواتە قۆرخکـــردن و زنجیرکردنە ملـــی عەشـــق و خۆشەویســـتی قۆرخکردنی هەناســـەی ئیرادەو ئازادیمان وەکو مرۆڤێك کە بێگومان لەژیانی واقیعیماندا بەئاسانی هەستی پێدەکەین.

شـــایەنی وتنـــە، لەمبارەیەوە یەکەمیـــن وانە کە لەخێزانمانەوە فێری ئەبین، ڕاســـتیی نەگوتنمانەو شـــاردنەوەی پێوەندی خۆشەویســـتیمانە، چونکە خۆشەویســـتی شـــاردراوەتەوەو وەك حەرام و تابوو تەماشای دەکرێت، بۆیە ناچارین درۆزن و ترسنۆك بین، خۆمان ملکەچ دەکەین بەرامبەر بەچەپاندن و کەپتکردنی وشـــەی خۆشەویستی، ئەم قووڕەش لـــەوەدا خەســـتتر ئەبێتەوە کە ئاریشـــەو گرفتی کۆمەڵایەتی و دەروونی لەپێکهاتەو وردەکارییەکانی ناو کیمیایی کەسایەتیماندا چەکەرە پێدەکات. زۆر خێراو نێگەتیڤانە تەشـــەنە دەکات، گرێ لەدوای گرێ و هەتـــا دەگاتە گرێکوێرەی دەروونیشـــی لەنێو کوورەی ناخماندا دروســـت دەبن کە ئەمەش دەبێتە فاکتەری لەدەستدانی هێمنی و ژیریمان کە لەگەڵ هەست و سۆزدا هاوکێشەی خۆشەویستی تەواو دەکەن.

بـــەڵام ســـەبارەت بەقەیرانـــی خۆشەویســـتی و پێوەنـــدی نێـــرو مـــێ لەئەمڕۆدا، خەســـڵەت و ســـیمای تایبەتی هەیـــەو بەلێکدانـــەوەو ڕاڤەی کۆمەڵناســـییانە دەتوانین هۆکارەکان دەستنیشان بکەیـــن. بەتایبـــەت دیـــاردەی کاڵبوونـــەوەی خۆشەویســـتی پاش پرۆســـەی هاوسەرگیری کە بەرێژەیەکی بەرچـــاو لەبەرزبوونەوەدایە، لەوەدایە کە پرۆسەی هاوسەرگیری بەحەز دەست پێدەکات (نەك خۆشەویســـتی ) و لەسێکسدا تەواو دەبێت و دەکوژێتـــەوە. هەروەها بەپێی ئـــاکارو دابونەریتی کەلتوورو بیرکردنەوەمان، پیاوی کورد دان بەئەوی ژندا نانێت و حیســـابی بوونەوەرێکی مرۆیی بۆ نـــاکات، ئێمەی کـــورد ئەوەندەی ســـتەمکاری پیادە دەکەیـــن، ئەوەنـــدە یەکتر تـــەواو ناکەین. قەیرانی خۆشەویســـتیمان لەوەدایە کە هەمیشـــە تای تەرازووەکە لاســـەنگە، نێـــرو مێی کورد دوو لایەنی هاوبەش نین کـــە مرۆڤایەتیبوونی یەکتر قبوڵ بکەن، ئەم هـــۆکارە نابەجێیە وا دەکات کچ و کوڕ یان ژن و مێرد هەمیشـــە لەشەڕو جەنگ و جەدەلێکی بەردەوامدا بن و هەمیشـــە کچ یان ژن دۆڕاون.

کۆمەڵگەی کوردی ڕێگرە لەبەردەم دروستبوونی تاکدا وەکو بوونەوەرێکی سەربەخۆ، چ جای تاك بتوانێت مومارەســـەی خواست و ویستی خۆی بـــکات. تاکی کورد لێوانلێوە لەئیشـــکالییەتی هزری و کۆمەڵایەتی و گرێ و زەبری دەروونی و کەپتی سێکســـی، ئـــەو چەپاندنـــەش وەکو دیسپلین و میکانیزمێك ئامادەیەو هۆکارێکە بۆ لاوازبوونی خۆشەویستی، گەنجی کورد خەیاڵی و ڕۆمانسیانە تەماشای پێوەندی خۆشەویستی دەکات و لەعەقـــڵ و ڕاڤەکارییەوە دوورە، کاتێك دەگاتە ژیانی واقعی و دژواری هاوسەرگیری لەکوردستاندا، ئیتر خەونەکان نایانە دی، دڵی سارد دەبێتەوەو شـــەڕ دەفرۆشێ و هێلانەکەی خاپوور دەکات. خاڵێکی دیکەی قەیرانەکە لەوەدایە کە نێرســـالاری لەنێو هەموو کایەکانـــی ژیانماندا وایکردووە ڕەگەزەکەی دیکـــە نەبینرێت، تەنیا وەکو شـــتێکی غەریزی دەرئەکەوێت، لای ئێمە ژیانی هاوسەرگیری بۆ حاڵەتی بەرهەمهێنانی منداڵ کورت کراوەتەوە، ژن وەکو مرۆڤێك پەراوێز کراوە، بۆیە ڕێژەی خۆسووتاندن بەرزە.

دیاردەیەکی دیکە کە ئەمڕۆ برەوی هەیە پێوەری دەوڵەمەنـــدی و پارەپەرســـتییەو گۆڕینەوەی خۆشەویستی و هەســـت و سۆزی مرۆڤایەتییە بەپـــارە. هەروەها دیاردەی ڕووخســـارو جوانی بووەتـــە پێوەرێکی هەڵە لەنێـــو گەنجانی کوردا خۆی ســـەپاندووەو بووەتـــە کۆڵەکەی یەکەمی ئەوین کە هێندە نابات کەسێکی جوانتر دەتوانێت پێوەندی خۆشەویســـتی هەردوولا نغرۆ بکات.

لەکۆتاییدا ئەم وتەیەی ئێریك فرۆم بخوێنەرەوەو خۆت دادوەری بکە کە چ جۆرە خۆشەویستییەك لەکوردســـتاندا دەگوزەرێـــت: (تەنهـــا ئەوکاتە خۆشەویســـتی ڕاســـتەقینە ئیمکانی هەیە کە دووکـــەس لەکانگای بوونـــی خۆیانەوە لەگەڵ یەکتردا گفتوگۆ بکەن).

# لەبەر توانج و تانەلێدان خـــانمان مۆڵەتی شوفێری




**لەشـــەقامەکانی کوردســـتان یەکێک لەو دیمەنانەی کە بەردەوام بەرچاو دەکەوێت بوونی ژمارەیەکی زۆرە لەئافرەتانی شوفێرە، ئافرەتانیش وەک پیاو پێویستیان بە مۆڵەتی تایبەتە بۆ ئەوەی بتوانن ئۆتۆمبێل لێبخورِن، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە کاتێک ئەم ئافرەتانە ڕوو لەشوێنی تایبەت دەکـــەن بۆ دەرکردنی مۆڵەت، دووچاری توانـــج و تانەی پیاوان دەبنەوە کە ئەمەش لەڕووی دەروونییـــەوە کاریگەرییەکی زۆری دەبێت، ئافرەتان دەپرســـن ئایـــا ئەم توانج لێدانە بۆ بە کەم زانینی ئافرەتە یان بۆ کەلتووری باوکســـالاری کۆمەڵگە دەگەڕێتەوە یـــان یەکێکە لەدیاردە قێزەوەن و دواکەوتووەکانی نێو کۆمەڵگە؟**

«گەر پیاوێك لەتاقیکردنەوەی مۆڵەتی شـــوفێری دەرنەچێت کـــەس توانجی لێنادات، بـــەڵام ئەگەر ئافـــرەت بێت ئەوەندە توانجی لێدەدرێت وای لێدەکرێت چیتر سەدانی ئەوشـــوێنانە نەکاتەوە» ئەمە قسەی سازان کەمال کە خەریکی دەرهێنانی مۆڵەت بوو، وتی «لەکاتی ئەنجامدانی ســـەرجەم تاقیکردنەوەکانی مۆڵەتی لێخورِین، ئافرەتان بەشێوەیەکی گشـــتی ڕووبەڕووی گرفـــت دەبنەوە، ســـەرەکیترین گرفتمـــان ئەوەیە ئەگەر پیاوێـــك لەتاقیکردنەوەکاندا دەرنەچێت کـــەس توانجی لێنـــادات، بەڵام ئەگەر کچێك لەتاقیکردنەوەکانـــدا دەرنەچێت ئەوەندە توانجی لێـــدەدەن وای لێدەکەن کەچیتر ئەو کچە ســـەردانی ئەو شوێنە نەکاتـــەوە. لەلایەکی تـــرەوە (ئاورنگ عەلی) پیشـــەی ئەندازیارەو خەریکی دەرهێنانـــی مۆڵەتـــی شـــوفێری بوو وتی «ئەوەندە گرفتـــەکان زۆرن نازانین چـــی بڵێین و باســـی کامەیان بکەین، ڕۆژانە هەموو ئەو ئافرەتانەی دەیانەوێت مۆڵەتی شـــوفێری دەربێنن تووشـــی گرفتی جۆراو جۆر دەبن تەنانەت هەموو ئەو ئافرەتانەی کە مۆڵەتی شۆفێرییان دەرهێناوە لـــەو گۆڕەپانەدا تیروتوانجی جۆراوجۆریان لێدراوە.

**سەرلێشێواندن لە خانمان**

ســـازان وەکـــو باســـی دەکات و دەڵێـــت «سەرجەم ئەو شـــوفێرە پیاوانەی لەوێ وەستاون زۆربەشێوەیەکی ناشرین تیروتوانج لەئافرەتەکان دەدەن، من خۆم سێ مانگ پێش ئێســـتا جارێکی تر ترایم ئەنجامدا، لەکاتـــی تاقیکردنەوەکـــەدا ئەوەنـــدە توانجیان لێدام ســـەرم لێتێکچوو بەهۆیەوە خۆم کێشـــا بەلاســـتیکی لای چەپدا و لەتاقیکردنەوەکـــەدا دەرنەچووم، ئەوندەش هاواریان کـــرد بێزاریان کـــردم. لەڕووی دەروونیـــەوە زۆر بەخۆمـــدا شـــکامەوە بەڕاستی هەســـتم بەوەکرد کەمن ئافرەتم لەبـــەر ئەوە بەم شـــێوەیە ڕووبەڕووی ئەم توانج لێدانە بوومەوە، بەداخەوە کۆمەڵگەی ئێمە بەشـــێوەیەك مامەڵە لەگەڵ ئافرەت دەکات کە بەهەموو شـــێوەیەك هەوڵدەدات بیرووخێنێت. (ئاورنگ)یش هەمان ڕای ســـازانی « هەبوو و پێیوایە زۆرێك لەو شوفێرانەی لەوێن هەندێك تەنیا ئەرکیان بێزارکردنـــی ئافرەتانە، هەروەها شـــاناز عەدنان کە مامۆســـتای بنەڕەتیە پێیوایە دەبێـــت هەموو ئـــەو ئافرەتانەی ڕۆژانە خەریکی دەرهێنانی مۆڵەتی شـــوفێرین، توانجییان لێبدرێت و بێزار بکرێن، دەشڵێت «هەندێك شـــۆفێری گەنج ڕاوەســـتاون پێدەچێت تەنیا ئەرکیان بێزارکردن و توانج

**چەندجار دەچم بۆ تاقیکردنەوەکە ئەوەندە هاوارهاوار دەگرنەوە و توانجم لێدەدەن، لێمدەشێوێت و دەرناچم وای لێهاتووە گەر ئەمجارە دەرنەچم چیتر نەیەمەوە**

لێـــدان بێت لـــە ئافرەتان، ئەمـــڕۆ تاکو ترایـــم ئەنجامدا ئەوەنـــدە توانجیان لێمدا زۆر هەراســـانیان کردم. شـــاناز ئەوەشی خســـتەڕوو کە ئافرەتان نەك لەم شوێنانە لەهەموو شوێنێك ڕووبەڕووی ئەم ڕەوشە نالەبارە دەبنەوە.

سۆنیا عەزیز هەر سەبارەت بەم بابەتە وتی :ڕۆژانە زۆر گرفتی جۆراو جۆردەبینین بەتایبەتـــی لەوکاتانەی کـــە قەرەباڵغی زۆر دروست دەبێت، ئەمەش دەبێتە هۆی بێزاربوونی خانمان، ئەو خانمە داوادەکات کە حکومەتـــی هەرێم بەرنامەیەکی وەها دابڕێژێـــت کە تاقیکردنـــەوەی مۆڵەتی شـــۆفێری لەشـــوێنێکی گونجاوبێـــت بۆخانمـــان، چونکـــە ئافرەتـــان لەکاتی دەرهێنانی مۆڵەت زۆر بێزار دەبن.

ســـازان کەمال زۆر تێبینی لەســـەر ئەو حاڵەتەیە کە پیاوەکانـــن ئافرەتەکان بێزار

# بەزەحمەت دەردێنن



**هەندێک شۆفێری گەنج ڕاوەستاون پێدەچێت تەنیا ئەرکیان بێزارکردن و توانج لێدان بێت بۆ ئافرەتان، ئەمڕۆ تاکو ترایم ئەنجامدا ئەوەندە توانجیان لێمدا هەراسانیان کردم**

**ئەگەر پیاوێک لەتاقیکردنەوەی مۆڵەتی شوفێری دەرنەچێت کەس توانجی لێنادات، بەڵام ئەگەر ئافرەت بێت ئەوەندە توانجی لێدەدرێت وای لێدەکرێت چیتر سەردانی ئەوشوێنانە نەکاتەوە**

**سێ مانگ پێش ئێستا جارێکی تر ترایم ئەنجامدا، لەکاتی تاقیکردنەوەکەدا ئەوەندە توانجیان لێدام سەرم لێتکچوو بەهۆیەوە خۆم کێشا بەلاستیکی لای چەپداو لەتاقیکردنەوەکەدا دەرنەچووم**

دەکەن و دەڵێت «لەوکاتەدا پۆلیسەکانی هاتوچۆ ناتوانن هیچ هەڵوێستێکیان هەبێت لەبەر ئەوەی ئەوان تەنیا ئەرکیان چاودێریکردنی تاقیکردنەوەکانی مۆڵەتی لێخوڕینەو بەڵکو ئەرکی ئەوان نییە کە سزای خەڵك لەسەر هەڵسوکەوتیان بدەن. هەروەها شاناز ئەوە دەخاتەڕوو کە لەکۆمەڵگەی ئێمەدا لایەنی پیاو دەگیرێت دژی ئافرەت.

نازە ئەحمەد ئەوە چوار جارە دەچێت بۆ ئەوەی مۆڵەتی شوفێری دەربێنێت، بەڵام لەتاقیکردنەوەکە دەرناچێت و دەڵێت «چونکە چەند جاری دەچم بۆ تاقیکردنەوەکە ئەوەندە هاوار هاوار دەکەن و توانجم لێدەدەن، لێم دەشێوێت و دەرناچم وای لێهاتووە گەر ئەمجارە دەرنەچم چیتر نەیەمەوە لەبەر ئەوەی شەرم دەکەم چەند جاری دێم ئەو شوفێرانەی لەوێن دەڵێن دیسان هاتەوە. نازە داوا دەکات کە حکومەتی هەرێم شوێنێکی تایبەت بۆ ئافرەتان دابنێت بۆ دەرهێنانی مۆڵەتی شوفێری.